# ئەوەی بەشەڕ بردمانەوە
# لە سیاسەتدا دۆڕاندمان

نووسینی/ نەجات ئەسپیندارەیی

گەلی کورد بەوە ناسراوە کە گەلێکی ئازاو دلێرو قارەمانەو لەبەرانبەر دوژمناندا چۆك دانەداو هەمیشە کەم ژیاوەو کەڵ ژیاوە , ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە دەبینین کورد هەمیشە لەشەڕو پێکداداندا سەرکەوتوو بووە , لەخەبات و بەرگری کردندا هەردەم براوە بووە , بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کە کورد ئەوەی بەشەڕ بردۆتییەوە لە سیاسەتا دۆڕاندوویەتی , کورد لەهەموو شۆڕشەکانی چەکداریدا گەیشتۆتە لوتکەی سەرکەوتن , بەڵام کە هاتۆتە سەر مێزی گفتوگۆ بە دوو قسەی خۆش یاخود بە بەڵێنێکی درۆزنانەو سەرزارەکی ئەوەی بە خەبات و تێکۆشان بەدەستی هێناوە لە کاری دبلۆماسیدا دۆڕاندوویەتی , لێرەدا من نامەوێ باسی نسکۆو شکستی شۆڕشەکانی ڕابردوو بکەم و بۆ هەر یەکێکیش لەو شۆڕشانە نمونە بهێنمەوە , چونکە هۆی شکستی هەموو شۆڕشەکان ڕوون و ئاشکرایەو پێویست بە دووبارە بوونەوە ناکات , بەڵام ئەوەی لێرەدا من دەمەوێ باسی بکەم قۆناغی ئێستامانە ,

بێگومان ئێستا ئێمەی کورد لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورە داین , دەرچوونیش لەم تاقیکردنەوەیەدا پەیوەستە بە ڕاددەی هۆشیاری سیاسی خۆمانەوە , چونکە ئەگەر هۆشیاری سیاسیمان لە ئاستێکی بەرز دانەبێت کە بتوانین ڕووداوەکان هەڵسەنگێنین و لایەنی ئیجابیو سەلبی دیاری بکەین کە کامیان بە قازانج و کامیان بە زەرەری کورد تەواو دەبێ ئەوکاتە لەبەردەم ئەم تاقیکردنەوەیەدا شکست دێنین و ڕەنجی چەن ساڵەمان بەبا دەچێ , بێگومان

ئەوە زیاتر لە سەدەیەکە گەلی کورد لە خەبات و تێکۆشاندایە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی خۆی , تا بەو ڕۆژەی ئێستامان گەیشت کەوا شوکر بۆخوا دوو سەرکردەمان هەیەو دوو حکومەتمان هەیەو دوو ئیدارەمان هەیەو دوو سەرۆك وەزیرمان هەیە کە ئەوە هەر شوکری خوای دەوێ و حەق وایە نانێك بخۆین و دووان بکەینە خێر !!

بەڵام ئەوەی جێی داخ و نیگەرانییە ئەوەیە کە پاش ئەو هەموو ساڵە خەبات و تێکۆشانەدا پاش ئەو هەموو قۆناغە سەختانەی کە بڕیمان کەچی هێشتا مەسەلەی کەرکوك یەکلایی نەبۆتەوە بۆمان , بەڵکو دۆخی کەرکوك گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە کە جێگای شانازی

بێت بۆ خەڵكی شارەكە , جا ئەوەی زۆر جێی نیگەرانی‌یە هەروەها جێی مەترسیشە ئەوەیە كە ناوە ناوە كۆمەڵێك تەنازولات لەسەر كەركوك دەكرێت , جاری یەكەم سەركردەكانمان لەوەدا تەنازولیان كرد كە كەركوك لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا بەشداری نەكات , پاشان كە زانیان كوردەكان هەڵوێستیان زۆر نەرمە ئەوجارە تەنازولی ئەوەیان پێكردن كە چارەسەركردنی كێشەی كەركوك دەمێنێتەوە بۆ كۆتایی ساڵی ( 2007 ) , ئایە ئەوە چ دەگەیەنێ ئەوە بڕیاری لەسێدارەدان نیە بەسەر كەركوكدا دەسەپێنرێ.؟ ئەوە دابڕینی كەركوك نیە لە نیشتمانی دایك.؟ كەركوكێك كە لەگەڵ پرۆسەی ئازادی عێراقدا تارای سوری كردەبەرو سەرچۆپی هەموو شارەكانی گرت و ئاهەنگی سەرفرازی گێڕا بۆ ئێستا خەونە جوانەكانی زیندە بەچاڵ دەكەن , كەركوك پێش هەموو شارەكانی‌تر تەپڵی سەركەوتنی لێدا بەڵام ئێستا دەیانەوێ سەری بەرزی بچەمێنن , مەترسی ئێمەی كورد لەوەدایە كە سەركردەو ڕابەرەكانمان بەرانبەر بە دۆخێكی ئاوا سەرەتا هەڵچوونیان پێوە دیارە , پاشان بە دوو بەڵێن و دوو قسەی خۆش سارد دەبنەوە , لە لێدوانەكانیشیاندا بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دەڵێن بارودۆخی ئەقلیمیو ناوچەیی لەبار نیە بۆ ئەوەی ئێمە داوای تەواوی مافەكانمان بكەین , ئەی باشە بۆ بارودۆخ بۆ عەرەبی سوننە لەبار بوو لەناو ئاگروئاسن و گڕو دووكەڵدا پێ داگری لەسەر مافەكانیان بكەن و ئیرادەی خۆیان بەسەر هێزو لایەنەكانی‌تردا بسەپێنن و پەرلەمانی عێراق ناچار بكەن هەندێ گۆڕانكاری لە بڕگەكانی دەستوردا بكات .؟ لێرەدا دەبێ بڵێین عەرەبی سوننە بەو شەڕو ئاژاوەو كارە تیرۆریانەی كە كردیان توانیان ئەمریكاو كوردو شیعە ناچار بكەن كە مل بۆ داخوازیەكانیان كەچ بكەن, چونكە بەو شەڕو ئاژاوەیە توانیان ڕای گشتی جیهان و هێزە فرەرەگەزەكان بۆلای خۆیان ڕابكێشن , وایان كرد بەجددی بیر لە داخوازیەكانیان بكەنەوە , لێرەدا سیاسەتی ئەمریكا بەرانبەر بە هەڵوێستی نەرم و هەڵوێستی توندوتیژ دەركەوت كە دیارە زیاتر لەگەڵ هەڵوێستی توندوتیژ دایە , یاخود بابڵێین سروشتی حوكمی عەسكەری وایە تەنها گوللەیەك دەیهەژێنێ بەڵام لە ئاست هەزاران دەنگی ئازادیخوازو قەڵەم و وشەدا كەڕولاڵە , لێرەدا من مەبەستم ئەوەنیە كە كوردیش دەست بەكاری توندوتیژیو ئاژاوە نانەوە بكات , بەڵكو دەبوایە جەماوەر بە هەموو چین و توێژەكانیەوە دەست بە مانگرتن و خۆپیشاندان بكات تا ئەوكاتەی حكومەتی مەركەزیو هێزە فرەڕەگەزەكان ناچار دەبوون چاو بە سیاسەتی خۆیاندا بخشێننەوەو هەڵوێستێكی‌تر بەرانبەر بەكورد پیادە بكەن , بێگومان ئێستا دنیا بۆتە گوندێكی بچوك و بە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕینێك هەموو خەڵك لە خواستەكانت ئاگادار دەبن و پشتگیریت لێدەكەن , ئێستا لەهەموو جیهاندا شێوەی خەبات گۆڕاوەو سەردەم سەردەمی خۆپیشاندان و بەگژداچوونەوەی

دام و دەزگا کۆنەپەرستەکانە , کورد دەبوایە زوو لە پیلانی دوژمنان ئاگادار بێت و دەرکی بەو ساردە ساردیو خۆ لەگێلی دانەی حکومەتەکەی جەعفەری بکردایە , جەعفەری کەسێکە بە ئایدیۆلۆژیای حیزبی دەعوا گۆش کراوە , حیزبی دەعواش لەسەر بونیادێکی مەزهەبیو خێڵەکی دروست بووە کە نەتەوەو حیزب و کەمایەتی‌یەکانی‌تری پێ قبووڵ ناکریو ئەگەر بۆی بکرێ فڕێیان دەداتە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی , ئەوەش پێچەوانەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیو لیبرالیو مافی مرۆڤ و مەبدەئی پێکەوە ژیانە , پابەند بوون بەڕەوتی مەزهەب و مەزهەبگەرایی ئەمجۆرە بیرکردنەوە تەسکەی لێ دەکەوێتەوە , لە رۆژئاوادا جیاوازی مەزهەبیو رەگەزیو چینایەتی لەنێو چوارچێوەی بەرژەوەندی هاوبەشدا تواوەتەوەو , گەلەکانیان بەپێی گەشەکردنی باری ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتی لەسەر کۆمەڵێ خاڵی هاوبەشدا ڕێکەوتوون و ئەو ناکۆکیانەیان وەلاوە ناوە کە دەبنە هۆی پەرتەوازە بوونیان , بەلام لە رۆژهەلات دا جیاوازی مەزهەب و جیاوازی رەگەزو جیاوازی چینایەتی وەکو عەزیا قووتی داون و سەدان ساڵە بەدەستی ئەم جیاوازیانەوە دەناڵێنن , حکومەتەکەی جەعفەری وەکو تابوری پێنجەم کار بۆ دەرەوە دەکات , بۆیە دەیەوێ هاوسەنگی لەنێوان ویستی ئێران و داخوازیەکانی گەلانی عێڕاقدا ڕابگرێ ئەوەشی پێ ناکرێ بۆیە لە ساحەکە کەم دەر دەکەوێو جموجۆڵی سیاسیشی زۆر کەمە , ئەوە ئەرکی سەرشانی جەماوەربوو لەوهەل و مەرجە ناسکەدا لە هەموو شارو شاروچکەکاندا ڕژابانە سەر شەقامەکان و بە نەفەسێکی درێژو بڕوایەکی پۆلاینەوە رۆژ لەدوای رۆژ خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان بکردایە تا ڕای گشتی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکانیان بەلای خۆدا ڕائەکێشا , بێگومان بڕیاری جەماوەریش بڕیارێکی یەکلایی کەرەوەیە , حکومەتەکان و ناوەندە بڕیار بەدەستەکانیش ئەوەندەی گوێ لە جەماوەر ڕادەگرن نیو ئەوەندە گوێ لە حیزبەکان و ڕێخراوەکان ڕاناگرن , ئەو سەنگ و قورسایی‌یەی جەماوەر هەیەتی حیزبەکان نیانە , بۆیە پێویستە لە هەندێ قۆناغدا جەماوەر بێتە مەیدان و خۆی بە خاوەنی مەسەلەکە بزانێ , نابێ هەموو کارتێك و هەموو وەرەقەیەك لە جانتای دبلۆماسی حیزبەکان دابیو جەماوەریش بخرێتە پەراوێزەوە , چونکە پیاوماقوڵانی حیزب لەوەتەی بوینەتە خاوەنی کۆشك و تەلارو مۆنیکاو حیسابی بانك , ئامادە نین ئەو نازونیعمەتە لە کیس خۆیان بدەن , حیزبە کوردی‌یەکانی خۆمان هەمیشە لاف ئەوە لێدەدەن کە حیزبی مۆدێرن و پێشکەوتووخوازن , بەلام لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمایەکی کەم ئەزموون و کەم مەعریفە دروست بوونە بۆیە درەنگ لە مەسەلە جەوهەریەکان تێدەگەن و بە کاوەخۆ ڕووداوەکان شی دەکەنەوە , پێویستە لەم رۆژگارە جەنجاڵ و پڕلەئاژاوەیەدا , لەم کۆمەڵگایە فرە دەنگ و فرە ڕەنگ و فرە ڕەوت و فرە ئایدیۆلۆژیایەدا , لەنێو

ئاپۆڕای ئەو هەموو حیزب و حیزبایەتی‌یەدا جەماوەر بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆو لە مەسەلە چارەنووس سازەکاندا خۆی بەخاوەن دۆزەکە بزانیێو ئەرکی بەرپرسیارێتی باوێتە سەر شانی خۆی , پێویستە لەسەر جەماوەر بەهەموو چین و توێژەکانیەوە هەستنە سەرپێ و داوای چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بکەن , داوا بکەن هەتا زووە کەرکوك لەناو گێژاوی مان و نەمان رزگار بکرێو نەبێتە گۆشتی قوربانیو بەسەر چەن لایەکدا دابەش بکرێ , لێنەگەڕێن کەرکوك بکرێتە پارویێکی چەورو ناحەزان قووتی بدەن , ئەی کوا ئەو دروشمەی کە جاران دەیانگوت ( **یان کەرکوك و خانەقین یان تاماوین ئەجەنگین** ) ئەو دروشمە بۆ وەها بەئاسانی کاڵ بۆوە .؟ ئەو کەرکوکەی کە جاران قودسی کوردستان و دڵی کوردستان بوو بۆ ئێستا بۆتە شاری خامۆشان.؟